# FCC Consumer Facts

## ڕێبەری چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی وەرگێری کارەبایی ( کۆنڤێرتەر) دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ و تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی

گواستنەوە یان گۆڕین بۆ تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی مانای ئەوە دەگەیەنێت کەوا هەموو وێستگەکانی تەلەفزیۆن لەدوای 17 ی شوباتی 2009 پەخشەکانیان بە شێوازی ئەنەلۆگ دەوەستێنن و تەنها بە شێوازی دیجیتاڵی بڵاوی دەکەنەوە. هەموو وێستگەکانی پەخش کردنی ئێستا لە بازارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهەردوو شێوازی ئەنەلۆگی و دیجیتاڵی پەخشەکانیان بڵاودەکەنەوە. ئەگەر تۆ هەر کێشەیەکت هەیە لەگەڵ وەرگرتن و سەیر کردنی وێستگەکانی پەخشی دیجیتاڵی لەو ناوچەی کە تۆ تیایدا دەژیت ، ئەوا ئەم ڕێبەرەی چارەسەر کردنی گیروگرفتەکان چەند ڕێنمایەك و ئامۆژگاریەکی بەستنی ئامێرەکانی تیادایە دەربارەی وەرگرتنی نیشانەکانی دیجیتاڵی تەلەفزیۆنی.

### بەستنی ( گەیاندنی) ئامێرەکان بیشکنە

- دڵنیابە لەوەی کەوا وەرگێرە کارەبایە ( کۆنڤێرتەر) دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگەکەت ( وەیان تەلەفزیۆنە دیجیتاڵەکە) بە باشی بەستراوە. دڵنیابە لەوەی کەوا ئەنتێنایەکەت لەناو شوێنی دانانی ئەنتێناکە لەسەر وەرگێرە کارەبایە دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگەکە ( وەیان تەلەفزیۆنە دیجیتاڵەکە ) دانراوە. هەروەها ئەگەر تۆ وەرگێرێکی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ بەکار بهێنیت، ئەوا دڵنیابە لەئەوەی کەوا شوێنی دەرچوونی ئەنتێناکە لەسەر وەرگێرە کارەبایەکە بەستراوە بە شوێنی لەناودانانی ئەنتێناکە لەسەر تەلەفزیۆنە ئەنەلۆگەکەت. سەیری نامیلکەی بەکارهێنانی خاوەن کەرستە کارەباییەکان بکە ئەگەر دڵنیا نیت لە شێوەی بەیەك بەستی ( بەیەك گەیاندنی) ئامێرەکان.
- دڵنیابە لەوەی کەوا کەرستەکان لەشوێنی خۆیان دانراون و پێکراون ( ووزەی کارەبا بۆ هەریەك لەم کەرستانە دەچێت).
- ئەگەر تۆ وەرگێرێکی کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگت هەیە، ئەوا تەلەفزیۆنە ئەنەلۆگەکەت بخەرە سەر کەناڵی 3. دەبێت لیستی ( منیو) ڕێکخستنی بەرنامەکان یان وێنە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەت بەدیار بکەوێت. ئەگەر لیستی ( منیو) ڕێکخستنی بەرنامەکان یان وێنە لەسەر شاشە بەدیار نەکەوێت ، ئەوا تەلەفزیۆنەکەت بخەرە سەر کەناڵی 4. ئەگەر هێشتا ناتوانیت لیستی ( منیو) ڕێکخستنی بەرنامەکان یان وێنە ببینیت ، ئەوا دووبارە سەیری بەستنی کەرستەکان بکەوە.

### بگەڕێ بەدوای فرمانەکان

- وەرگێری کارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ ( لەگەڵ تەلەفزیۆنە ئەنەلۆگەکان) دوگمەیەکی هەیە، کە زۆر جار لەسەر ڕیمۆت کۆنترۆڵەکەیە، کە لەسەری نووسراوە " set-up" یان ”menu“ وەیان ووشەی هاوشێوەی ئەمانە. ئەم دوگمەیە دابگرە بۆ ئەوەی بچیتە ناو مینیوی ڕێکخستنی بەرنامەکان (set-up menu) . بەبەکار هێنانی دوگمەی تیرەکانی سەر ڕیمۆت کۆنترۆڵەکە ، بەدوای ئەم نووسینەدا بگەڕێ کەوا ڕێگەت پێدەدات بەدوای کەناڵەکاندا بگەڕێیت (channel scan). گەڕان بۆ کەناڵەکان بەدوای ئەم کەناڵە دیجیتاڵیانەدا دەگەڕێت کە توانای وەرگرتنیان هەیە لەم شوێنەی کەتۆ لێی دەژیت. سەیری نامیلکەی خاوەن وەرگێری کارەبایی ( وەیان تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ) بکە بۆ دەست کەوتنی زانیاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی گەڕان بەدوای کەناڵەکان لەناو تەلەفزیۆنەکەت.
- کاتێك گەڕان بەدوای کەناڵەکان تەواو دەبێت ، ئەو کات تۆ دەتوانیت کەناڵە دیجیتاڵیەکان بدۆزیتەوە کەوا بەهۆی ئەنتێنایەکەت وەریان دەگریت و سەیریان دەکەیت. **دەبێت ناو بەناو گەڕان بەدوای کەناڵەکان ئەنجام بدەیت بۆ ئەوەی بزانیت ئاخۆ کەناڵی تری دیجیتاڵی زیاد بوونە.**

### دانانی ئەنتێنایەکەت

- دەکرێت کەمێك دەستکاری کردنی ئەنتێنایەکەت ببێتە هۆی پەیدا کردنی جیاوازی زۆر لە ژمارەی ئەم کەناڵانەی کەوا تەلەفزیۆنەکەت وەریدەگرێت. ئەگەر ئەنتێنایەکی ژوورەوەت هەیە ، ئەوا هەوڵ بدە بەرزی کەیتەوە و بە ئاڕاستەی دیواری حەوشەی ماڵەکەت بیجولێنیت. پاش دەستکاری کردنی ئەنتێنایەکەت، جارێکی تر بەدوای کەناڵەکاندا بگەڕێ بۆ ئەوەی بزانیت ئەگەر کەناڵی زیاتر بەدیار بکەون ( وەیان تەلەفزیۆنەکەت ڕوونتر بێت).
- لەم کاتەی کەوا دەستکاری ئەنتێنایەکەت دەکەیت، لەوانەیە ببێتە ئاسانکاری بۆ چوونەناو " پێوەری بەهێز کردنی نیشانەکان" لەسەر وەرگێرە کارەبایە دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگەکەت( وەیان تەلەفزیۆنە دیجیتاڵەکەت) بۆ ئەوەی بزانیت ئەگەر دەستکاری کردنی ئەنتێنایەکەت دەبێتە هۆی بەهێز کردنی ( باش وەرگرتنی) نیشانەکان یان کەناڵەکان. پێوەری بەهێز کردنی نیشانەکان زۆربەی کاتەکان لەرێگەی داگرتنی دوگمەی مینیو( menu) کە لەسە ڕیمۆت کۆنترۆڵەکەیە بۆی دەچیت. سەیری نامیلکەی خاوەنی ئامێرەکە بکە بۆ دەست کەوتنی زانیاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی چوونەناو پێوەری بەهێز کردنی نیشانەکان. بیرت نەچێت دوای دەستکاری کردنی ئەنتێنایەکەت جارێکی تر بەدوای کەناڵەکاندا بگەڕێ.
- ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنانەی کەوا بەشێوازی دیجیتاڵی پەخشەکانیان بڵاودەکەنەوە هەردووك شەپۆلی VHF ( کەناڵی 2-13) و UHF ( کەناڵی 14-51) بەکار دەهێنن. زۆر لە ئەنتێناکانی ژوورەوە ئاریێلی " گوێ کەروێشك" بۆ شەپۆلی VHF بەکار دەهێنن ، وە ئەنتێنای " بازنەیی " یان " بۆیانباغی چەماوە " بەکار دەهێنن بۆ شەپۆلی UHF. دڵنیابە لەوەی کەوا تۆ ئەنتێنایەك بەکار دەهێنیت کە لەگەڵ هەردووك شەپۆلی VHF و UHFبەکار دێت وە بە شێوەیەکی دروست بەستراوە.

### ئەگەر هێشتا گیروگرفتت هەبوو:

FCC Federal Communications Commission ▪ Consumer & Governmental Affairs Bureau ▪ 445 12th St., SW ▪ Washington, DC 20554
1-888-CALL-FCC (1-888-225-5322) ▪ TTY: 1-888-TELL-FCC (1-888-835-5322) ▪ Fax: 1-866-418-0232 ▪ www.fcc.gov/cgb

- تا 17 ی شوباتی 2009 ،هەندێك لە وێستگەكان بە ئاستی ووزە كەم كاردەكەن. ئەگەر تەلەفزیۆنەكەت ناتوانێت هەندێك وێستگەی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی وەربگرێت( نیشان بدات)، ئەوا ئەمە مانای ئەوە نیە كەوا گیروگرفتێك هەیە لەگەڵ ئەنتێنا یان وەرگێڕە كارەبایە دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگەكەت ( یان تەلەفزیۆنە دیجیتاڵەكەت). پەیوەندی بە وێستگەی تەلەفزیۆنەكە بكە بۆ ئەوەی بزانیت ئاخۆ هەندێك گۆڕانكاری ئەنجام دەدەن بۆ باشتر كردنی سیستەمی وەرگرتنی نیشانە تەلەفزیۆنیەكان.
- كاتێك نیشانەیەكی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگی بێ هێز بێت وەیان بەیەكداچوونی ( بەیەكداچوونی وێنەكان) لەگەڵدا بێت ، ئەوا ژاژاوە و سپیایەتی و تێك چوونی وێنەكان لەسەر شاشە بەدیار دەكەوێت. پەخشی دیجیتاڵی وێنەیەكی ڕوون لەسەر شاشە نیشان دەدات :هەرچۆنێك بێت ، ئەگەر نیشانەی دیجیتاڵی لە ئاستی دیاری كراوی بەهێزی بێتە خوارەوە ، ئەوا وێنەكان لەپڕێك نامێنن. ئەم " نەمانی نیشانەكان" مانای وایە كەوا ئەگەر تۆ بەشێوەیەكی تایبەتی سەیری وێستگەكانی تەلەفزیۆنی ئەنەلۆگی بكەیت كەوا ژاژاوە و تێكەڵ بوونی زۆری وێنەكانی لەگەڵدایە ، ئەوا لەوانەیە پێویست بكات تۆ سیستەمی ئەنتێنایەكەت دەستكاری بكەیت وەیان بگۆڕیت
- ئەنتێنای سادەی ژوورەوە بە ئاستێكی نزم كار دەكات كەوا لەوانەیە نەگونجێت بۆ شوێنەكەت. ئەگەر تۆ نەتوانی بە هۆی ئەنتێناكەی ژوورەوەت نیشانە تەلەفزیۆنیەكان بە شێوەیەكی گونجاو وەربگریت، ئەوا لەوانەیە تۆ بتەوێت ئەنتێنایەكی ژوورەوە بەكار بهێنیت كەوا هەندێك تایبەتمەندێتی لەگەڵ دایە بۆ وەرگرتنی نیشانەكانی UHF بەشێوەیەكی باشتر وەیان گەورەكەری دەنگ (ئەمپلیفایەر) بۆ بەهێز كردنی نیشانە وەرگیراوەكە( زۆرجار وەكو ئەنتێنای چالاكی ژوورەوە ناو دەبرێت).
- بەشێوەیەكی گشتی ، ئەنتێنای دەرەكی نیشانەكان بەشێوەیەكی باشتر لە ئەنتێنای ژوورەوە وەردەگرێت . لەوانەیە كاركردنی ئەنتێنای دەرەكی بە تێپەڕ بوونی كات خراپ بێت بەهۆی كەش و هەوا. ئەگەر هەر گیروگرفتێكت هەیە ، ئەوا سەیری شل بوونەوە یان داخورانی تەلەكان ( وایەرەكان) ، یان شكانی كەرستەكانی ئەنتێنا بكە لەگەڵ دڵنیابوون لە دروستی ئاڕاستەی ئەنتێنایەكە.

- هەوڵ بدە هەتا بكرێت درێژی تەلی ( وایەری) نێوان ئەنتێنایەكە و وەرگێڕە كارەبایە دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگەكە(یان تەلەفزیۆنە دیجیتاڵیەكەت) كورت بێت بۆ باشتر وەرگرتنی نیشانەكان.
- "دابەشكەرە كارەبایەكان" كەوا بەكار دێن بۆ بەستنی یەك ئەنتێنا لەگەڵ چەندین وەرگێڕی كارەبایی دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ ( یان تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی) دەبنە هۆی كەم كردنەوەی بڕی ئەم نیشانانەی كەوا لە هەر تەلەفزیۆنێك هەیە. ئەگەر تۆ هەر گیروگرفتێك هەیە، ئەوا بزانە ئەگەر وەرگرتنی نیشانەی پەخشكراو باشترە بەبێ بەكارهێنانی دابەشكەری كارەبایی. لە هەندێك حالەتدا دابەشكەری " چالاك" كەوا بەهێزكەری ( ئەمپلیفایەر) لەگەڵدایە دەتوانێت ئەم گیروگرفتە چارەسەر بكات.
- ئەگەر تۆ لە نزیك تاوەری ( بورج) پەخش كردنی وێستگەیەك دەژیت ، ئەوا لەوانەیە وەرگرتنی نیشانەكانی ئەم وێستگەیە و وێستگەكانی تووشی ڕێگری بن لەلایەن" باری زیادی" نیشانەكان. دەتوانیت " كەم كەرەوەی نیشانەكان" بەكار بهێنیت وەیان بەهێزكەرەكان ( ئەمپلیفایەر) لاببەیت بۆ باشتر كردنی وەرگرتنی نیشانەكانی پەخشی تەلەفزیۆنی.
- ئەگەر بڕیاڕ بدەیت ئەنتێنای ژوورەوە وەیان ئەنتێنا ( ئاریێل) دەرەكیەكەت بگۆڕیت وەیان یەكێكی تازە دابنێیت، ئەوا چەندین جۆری ئەنتێنا لە كۆگاكانی فرۆشتنی كەرستە كارەبایەكان بە نرخی جیاوازەوە دەست دەكەون. هەندێك وێب سایتی وەكو www.antennaweb.org زانیاریت پێدەدات لەسەر شوێنی بورجەكانی ( تاوەر) پەخش كردن و جۆری ئەم ئەنتێنا دەرەكیانەی كەوا گونجاوە لەگەڵ ئەو وێستگانەی كەتۆ دەتەوێت سەیریان بكەیت. ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی هەیە بۆ نوێ كردنەوەی سیستەمی ئەنتێناكەت، ئەوا قسە لەگەڵ فرۆشیاری بەتاكی ئەنتێناكان وەیان وەستای بەستنی ئەنتێنا بكە.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گواستنەوەی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ (DTV ) ،ئەوا سەیری سایتی www.dtv.gov بكە وەیان پەیوەندی بكە بە FCC لە ڕێگەی ئیمەیلی dtvinfo@fcc.gov ، یان پەیوەندی كردن بە (1-888-225-5322) 1-888-CALL-FCC دەنگ وەیان TTY (1-888-835-5322) 1-888-TELL-FCC : وەیان بەفاكس بەژمارەی 1-866-418-0232: وەیان بە نووسینی نامەیەك بۆ :

Federal Communications Commission
Consumer & Governmental Affairs Bureau
Consumer Inquiries and Complaints Division
445 12th Street, SW
Washington, DC 20554

بۆ دەست كەوتنی ئەم بڵاوكراوەیە وەیان هەر بڵاوكراوەیەكی تری بەكارهێنەر بە فۆڕماتێكی ئاسان ( دەقی *ASCII* ئەلكترۆنی ، برایڵ ، چاپی گەورە، ئۆدیۆی بیستراو) ، تكایە نامەیەكمان بۆ بنێرە وەیان پەیوەندیمان پێوە بكە بەم ناونیشانە وەیان ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوە ، وەیان ئیمەیلێك بنێرە بۆ ***FCC504@fcc.gov***.

بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر بابەتە و بابەتەكانی تری بەكارهێنەری *FCC* لە ڕێگەی لیژنەی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت بۆ بەشداربووان ، كلیك لەسەر ئەم سایتە بكە
***www.fcc.gov/cgb/contacts/***

ئەم دۆكیومێنتە تەنها بۆ مەبەستی فێركردنی بەكارهێنەران دانراوە وە نەك بۆ كاریگەری خستنە سەر هەر هەنگاو یان حالەتێك كەوا پەیوەندی بەباتەوەكەوە وەیان بابەتی پەیوەندیداری هاوشێوەوە هەبێت

9/23/08